ئەلێکساندر دۆگین و گرنگی نەتەوە، پارادوکس لە پرسی کورد

عەبدولڕەزاق مەهدی

ئێرنیستر نیکیش، ناسیۆنالیست-بەڵشەفیکی ئەڵمانی، دەڵێت "لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا ئەو جەبر و حەتمی بوونەی کە تایبەتی سروشتە، واتا حەتمیبوونی گۆڕانی وەرزەکان یان کارەساتە سروشتییەکان نییە. ئەوەی کە مرۆڤ هەمیشە دەتوانێت بڵێت "نا" نیشانەی تایبەتمەندی و شایستەییەتی، هەمیشە دەتوانێت سەرهەڵبدات، هەمیش شەڕ و خەبات بکات" (کتێبی تیۆری چوارەمی سیاسەت). ئەمە سەرەتای چوونە ناو باسی نەتەوە و خەباتی نەتەوەیە لەڵدیی دۆگین و ئێستا دەچینە ناو قوڵایی بابەتەکانەوە .

پاتریۆتیزم (نیشتیمانپەروەری)ی ئیرۆتیک، یەکەم پرەنسیپی فەلسەفی ئۆراسیایی پێک دێنێت. لێرەوە نەتەوە وەک دیاردەیەکی ڕەها بەکاردەهێنرێت. نەتەوە فەلسەفەی ئۆراسیایی وەک بەهایەکی باڵد پەسەند دەکات، بەڵدم لێرەدا دەستبەجێ ئەم پرسیارە گەڵدڵە دەبێت کە نەتەوە بە چ مانایەکە؟ نەتەوە واتە عەشق، هەر بۆیە ئێمە باس لە پاتریۆتیزمی ئیرۆتیک دەکەین. لەوە دەچێت بەکارهێنانی پێناسەیەکی وەها بۆ چەمکی پاتریۆتیزم و وێناکردنی نەتەوە وەک عەشق، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیان نەبێت پێکەوە و نابەجێ دیاربێت. عەشق کە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی مرۆڤ، ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە لەدایکبوونی مرۆڤدا دەبینێت، گەر وانەبایە مرۆڤ

لەدایـــک نەدەبـــوو. عەشـــق دەســـەڵاتی هەرە زۆری هەیە و ئەوە عیشـــقە شـــەپۆلی نەوەکـــان دەخـــاتەڕێ و بەرەی زیـــاتر و زیـــاتر دێـــنە ئـــاراوە، خێـــزان پێـــک دێـــت و بەردەوامـــی بە نەوە و بەرەی خۆیـــان دەدەن. کـــۆی ئەمـــانە کە بەرهەمـــی عەشـــقە، نەتەوە پێـــک دێـــت. مرۆڤـــایەتی بەرهەمـــی عەشـــقی جیهـــانی نەتەوەکـــانە (هەمـــان سەرچاوە) .

نەتەوە زمـان دەکـاتە دیـاری بـۆ مـرۆڤ، بـۆ ئەوەی بتـوانین قسـە بکەیـن بیـروڕای خۆمـان بـۆ ئەوان دەربـڕیین، لە زمانێـک کەڵـک وەردەگـرین کە نەتەوە پێـی بەخشـیوین (هەمـان سەرچاوە) .

لـەی ئەلێکســـاندەر دۆگـــین "دەوڵەت بـــوونەوەرێکی ڕژدە و بەهـــۆی ناچـــارییەوە پێـــک دێـت، بەڵام کێشـەکە لەوەدایە کە نەتەوە ناتوانێـت هەمیشـە عاشـق بێـت و هەنـدێکجار کەسـێک نیـازی پەلامـاری هەیە، بـۆ سـەر ئەم حـاڵەتە دەروونیـیە نەتەوە هێـرش دەکـات. بـــوونی دەوڵەت بـــۆ بەرگـــری لە نەتەوە بەرامـــبەر بەم هێـــرش و پەلامـــارانە پێویســـت و زەروورە" (هەمان سەرچاوە).

دۆگین و شاخی سربستان

دۆگـــین دەڵێـــت گەر ئـــێمە کەســـانێکی وردبینـــین، ئاشـــقی ئـــاو، خـــاکی خۆمـــانین، لە دەنگەکانیـــان دەگەیـــن و تێـــی دەگەیـــن، ئەگەر فێـــربین لە دەنگـــی زەوی بگەیـــن، بیســـتنی

ئەوەی شـــاخەکان دەیڵـــێن لامـــان ئاســـایی دەبێـــت. لە ١٩٩٢ لە سربســـتان جارێکیـــان تووشـی تاقمێـک لە سـربەکان بـووم، کە تـا ئەو کـاتە هەمـووان خیانەتیـان لـێ کردبـوون. کاتێـک ئـێمە وەسـتاین، پرسـیارمان لێکـردن، بـۆ کـوێ دەچـن و چیتـان دەوێـت؟ گوتیـان، دەچـین ئەو شـاخە بگـرین. گوتمـان، ئەو کێوەتـان بـۆ چیـیە. هیچـی تێـدا نیـیە، بەڵام لەوانەشـە خـاڵێکی سـتراتیجی گرنـگ بێـت؟ ئەوان گوتیـان، نـا نـا، ئەو کێـوە لە ڕوانـگەی سـتراتیجییەوە هـیچ گرنگییەکـی نیـیە، بەڕاسـتی لەوێـدا هـیچ شـتێک نیـیە. نە ئـاو نە کارەبـا، ئەمە تەنیـا کێـوی سـربی ئـێمەیە، ئەو کێـوە بانگمـان دەکـات ڕزگـاری بکەیـن. لەوێ ژمـارەیەکی زۆر دەســتە و تــاقمی کرواتــی جێگیــر کــراون و لەلایەن دەستەڕاســتیش موسڵمانی بۆسنایی. ئێمە ئێستا دەچینە ئەوێ و لەوێ دەمرین.

ئەوان بـۆچی چـوون بـۆ ئەوێ؟ دەکرێـت بگوترێـت: شـێت بـوون، بـێ ئەقڵییـان کـرد. ئـاخۆ ئەوان نەیانـدەزانی کە مـان و ژیانیـان باشـە، دەتـوانن بخـۆن و بـخەون، بگەڕێـن و کتێـب بخـوێننەوە و مێشـولەکان لە خۆیـان پـاس بـکەن؟ بەڵام ئەوان دەڕۆن و گیـانی خۆیـان بـۆ ئـازادی ئەو کێـوە بەخـت دەکەن، چـونکە کێـوەکە بـانگی کـردوون. کێـو پێـی گـوتن "وەرن، کـوڕینە وەرن، مـن پێویسـتم بە مەرگـی ئێـوەیە، دەبێـت خـوێنی گەرمـی سـربی ئێـوە بەسـەر لێژاییەکـانی منـدا بێـتە خـوارێ". کێـو ئەمـانەی پـێ گـوتن و ئەوان گوێیـان لە دەنگـی کێـوەکە بـوو، تێگەیشـتن کە بەرەو لای خـۆی بانگهێشـتیان دەکات، بەڵێ، ئەمە شێتی نییە، ئەمە ڕاستییە (هەمان سەرچاوە) .

ئەمە تێڕوانینی ئەلێکساندەر دۆگینە، بەمجۆرە دەچینە ناو باسی "پرسی کوردستان" لە ڕوانگەی دۆگینەوە. دۆگین دەڵێت نەتەوە کۆمەڵە خەڵکێکن کە قەدەرێکی مێژووی بەیەکەوە کۆی کردوونەتەوە و یەکیان گرتووە. یەکبوونی ڕەگی ئەتنۆسی یاخود هاودینی گەلان ناکاتە نەتەوە، بەڵام قەدەر دەیانکاتە نەتەوە، بە دڵنیاییەوە زمان و کولتوور لەو بارەیەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، بەڵام مێژوو لەلای خۆی هەموو شتەکان دادەپۆشێت. خەڵک لەبەر هۆکارێکی مێژوویی بە زمانێک قسە دەکەن و زمانی تر بەکارناهێنن. بە دڵنیاییەوە کورد نەتەوەن، پێکەوە گرێدراوی چارەنووسێکی مێژوویی، کولتوور و زمانیی هاوبەشیان هەیە.

لە پێکهاتەی ناسنامەی کوردیدا من هەستم بە شتێکی سەرنجڕاکێش کرد، ئەویش ئەوەیە کە "ئێزیدییەکان" زۆر بە قووڵی هەست بە ناسنامەی کوردی خۆیان دەکەن و کاری لەسەر دەکەن. ئێزیدییەکان لەنێو کورد دا کەمینەن، بەڵام ئەوان پێناسە یاخود نوێنەرایەتی دڵ و شێوازی نەتەوەی کورد دەکەن (کتێبی کوردستان دوای ئۆپەراسیۆنی موسڵ) .

بە بڕوای دۆگین "ئێزیدییەکان گەوهەری ناسنامەی کوردین. چونکە ئەوان جێبەجیکار و پارێزەری ئەو شتەن کە دەتوانرێت بە "سیمبولی کورد" ناوبنرێت. دۆگین درێژە پێ دەدات و دەڵێت "کورد مێژوویەکی یەکگرتوویان هەیە. لەهەمان کاتیشدا نیشانیان داوە کە خەڵکێکن دەتوانن بەبێ دەوڵەتیش هەبن و بەشێک نەبن لەو گەلەی کە ماوەی سەد ساڵیشە لە نێویدا دەژین" (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

دۆگـین دەڵێـت "لە سـەردەمی پێـداچوونەوەی سیاسـی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، بە تـایبەتی لە مـاوەی دروسـتکردنی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتی مەزن"ی ئەمریکییەکـان کە کۆنـدەلیزا رایـس لە ٢٠٠٢ ئامـاژەی پـێ کـرد، پرسـیارێک هـاتە ئـاراوە کە ئایـا ئەمریکییەکـان هاوکـاری دامەزرانـدنی دەوڵەتـی نەتەوەیـی کـوردیی دەکەن یـان نـا؟ لەو سـاتەوە کە کۆلۆنیـالیزمی سیاسـی نـوێی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا بە دیـارکەوت، بەڵام ئەمجـارە لە جیـاتی ئینگلیزەکـان، ئەمریکییەکـان بـوون، ئەوان بڕیاریانـدا نەخشـەی نەتەوەیـی دەوڵەتـانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بکێشـنەوە و لەوەشـدا نەخشـەی دەوڵەتـی کـوردی بەدیارکەوت (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

هەڵـبەت لێـرەدا دۆگـین وا باسـی ئەم بـابەتە دەکـات کە ئەمریکـا هەڵدەسـتێت وەک ئـامراز کـورد بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی بەکاربهێنێـت. لێـرەدا ئـێمە دەبێـت ئەو ڕوونکـردنەوەیە بـدەین کە دەوڵەت مـافێکی سروشـتی نەتەوەی کـوردە و دەبێـت جیهـان قەبـوڵی بکـات، نەک ئەوەی دەوڵەتـی کوردسـتانی بابەتێـک بێـت، لە ململانێی نێـوان دەوڵەتەکـانی تـر لە ڕێـگەیەوە کـورد فریـو بـدرێت. ئەم دیـدگایە زۆر ئایـدۆلۆجییە و ئێمە تەنها باسەکەمان وەک خۆی وروژاند تا لە تێفکرینی دۆگین شارەزا بین.

دۆگـین دەڵێـت "ئـێمە لەنـاو ئەو پلانە جیهـانییە کـوردییە دایـن کە کـورد بـڕیتین لە نەتەوە و بەدڵنییـایەوە لە قۆنـاغی ئێسـتادا لەبەر ئەو هۆکـارانەی خـوارەوە ئەمریکییەکان لە هەوڵی ئەوەدان بیرۆکەی دەوڵەتی کوردستان بسازێت:

یەکەم، لە بواری ئابووریدا خاکی کوردانی باشوور دەوڵەمەندە بە نەوت.

دووەم، سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاوی هەموو عێراق دەکەونە ناوچە کوردییەکان، لەبەر ئەوە بەدڵنیاییەوە کورد دەتوانن زۆر بەجددی ئیدارەی کاروباری سروشتی و ئیدارەی سیاسی ئەو جوگرافییە بکەن و لە یاریی جیۆسیاسیدا کۆمەڵێک بژاردەی لەبەر دەستی کوردن وەک:

- دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، دەتوانن سوود لە پشتیوانی ئەمریکا ببینن.
- پەسەندکردنی ناسنامەی کوردی بە دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمی بەبێ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەی دابمەزرێت (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

دەتوانین بڵێین چارەسەرکردنی "پرسی کورد" دەبێتە یەکێک لە مەرجەکانی پێکهێنانی پەیکەری نوێی ئەمنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پرۆسە سیاسییە گەورەکانی جیهانی و بەیەکەوە کارکردن و پەیوەندی نێوان زلهێزەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە (بڕوانە فاکتەری کوردی لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دانەر ئەبوبەکر.

دەتوانین بڵێن دۆگین لە باسی نەتەوە و بوونی نەتەوەی ڕووس، زۆر بە جوانی مانا دەداتە نەتەوەییبوونی خەڵکی ڕووس و مافی حوکمداری و حاکمیەت و دەوڵەتداری و زلهێزبوونی نەتەوەی ڕووس، بەڵام کاتێک دێتە سەر نەتەوەی کورد، لە زۆربەی بارودۆخەکان پرۆژەی دەوڵەتی کوردی بە ئامرازی دەست ئەمریکاوە دەبینێت نەک

وەک مـــافێکی نەتەوەی و سروشـــتی، ئەمەش تووشـــی پارادۆکســـمان دەکـــات لە ســـەرەتا و کۆتایی هزر و ڕوانینی دۆگین بۆ پرسی کوردستان و کورد.

سەرچاوەکان


1. تیـــۆری چـــوارەمی سیاســـەت، ئەلێکســـاندەر دۆگـــین، وەرگێرانـــی ـ وریـــا غەفـــوری، ٢٠١٧.

2. کوردستان دوای ئۆپەراسیۆنی موسڵ، کۆمەڵە نووسەر، ٢٠١٧.

3. فـــاکتەری کـــوردی لە سیاســـەتی دەرەوەی ڕووســـیا لە ڕۆژهەڵـاتی ناوەڕاســـتدا، دانەر ئەبوبەکر، چاپخانەی هەژار موکریانی، ٢٠٢٣.